لەم ژمارەیەدا
ل3 ئەرکی سەرکردایەتی سیاسی کورد، لەعێراقی ئاییندەدا
ل4 گەڕانەوە بۆ کوردستان گەڕانەوەیە بۆ تاراوگەیەکی دیکە
ل5 بەعس وەجاغی ڕۆشنە
ل6 بۆ وا دەکەن ڕقمان لەسەگ بێتەوە؟

گەلڕۆژی
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە, حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (144) شەممە 2006/3/18

## ساڵی نوێتان پیرۆز بێ

بەبۆنەی هاتنی ساڵی 2706ی کوردیەوە، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لەخوێنەرانی هەفتەنامەی ڕۆژی گەلو سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکەینو دەخوازین ساڵی نوێ مژدەی بەختەوەریو ئاسوودەییو بەرانبەری بەتێکڕای کوردستانیان بگەیەنێ. ساڵی کوردی لەو مێژووەوە دەست پێدەکات کە 700 ساڵ بەر لەزایین، (دیاکۆ) ئیمپراتۆریەتی ماددی لەسەر ئەم خاکەی کە ئێستا بەکوردستان ناسراوە، دامەزراندووە. دەبا هەموومان لەم یادە پیرۆزەدا لەپێناو نیشتیمانێکی سەربەخۆو کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرو جیهانێکی باش، لێبڕاوانە تێبکۆشین. هەر بەم بۆنەیەوە هیوای سەرفرازیو سەرکەوتن بۆ وڵاتیانی کوردستان دەخوازین.
ساڵی نوێتان پیرۆز بێ، هەموو ڕۆژێکتان جەژنو نەورۆز بێ.

# بەشداربووانی کۆنفرانسی واشنگتۆن: بۆ سوریا، فیدراڵیزم باشترین چارەسەرە

تایبەت بە ڕۆژی گەل. ڕۆژانی 12و13ی ئەم مانگە لەپێوەندی دووەمین ساڵیادی سەرهەڵدانی قامیشلۆدا، کۆنفرانسێکی تایبەت بە پرسی کورد لەسوریا لەباڵاخانەی کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەبەشداری زیاتر لە40 کەس کە نوێنەرایەتی پارتو لایەنە سیاسیەکانو کەسایەتیە سەربەخۆکانیان دەکرد، پێکهات. نوێنەرانی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتیو چاودێری مافی مرۆڤ بەشداریان تێداکرد، پێشتر ڕاگەیەندرابوو کە 15 سەناتۆری ئەمریکیی بەشداری تێدادەکەن، بەڵام لەژێر بیانوی جۆراوجۆرەوە هیچیان ئامادە نەببوون. چاودێران بەشداری نەکردنی ئەو سەناتۆرانە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە تا حکومەتی سوریا وەك بەڵگەی دەستێوەردانی دەرەکی لەکاروباری نێوەخۆی وڵاتەکەی بەکارنەهێنێ. ڕۆژی یەکەمی کۆنفرانسەکە تایبەت بوو بە کورد خۆیەوە، چەندین بابەت سەبارەت بە دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کێشەی کوردستانی لکێنراو بە سوریا پێشنیار کرا. هەموویان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئالیەتێکی یەکگرتوو بۆ کاری هاوبەش بدۆزرێتەوەو بۆ داهاتوو دەست بەکار بێ. سەرەنجام بەشداربووانی کۆنفرانسەکە لەسەر 13 خاڵ بۆ کاری هاوبەش ڕێککەوتنو کۆمیتەیەکیان پێکهێنا تا ئامادەکاری بۆ بەڕێوەبردنی کۆنفرانسێکی بەرفراوانتر بکاتو بەنامەی فەرمی تەواوی لایەنە سیاسیەکان بەبێ هاوێرکردن بانگهێشت بکات. وەك پێشنیار کراوە لەماوەی سێ مانگی داهاتوودا کۆنفرانسێکی بەرفراوانتر لەوڵاتی بەلجیکا بەبەشداری نوێنەرانی زۆرینەی لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوە بچێ. هەروەها بەشداربووان بۆ داهاتووی سیاسی وڵاتی سوریاو چۆنیەتی چارەسەرکردنی دۆزی کوردستانی لکێنراو بە سوریا، فیدرالیزمیان بەباشترین چارەسەر داناو بڕیاریان بۆ ئەم مەبەستە تێکۆشانی خۆیان چڕ بکەنەوە. دووەمین ڕۆژی کۆنفرانسەکە ژمارەیەك لەنوێنەرانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو هێزە بیانیەکان بەشدارییان تێداکردو پشتیوانی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی دیموکراسیانەی کێشەی کوردو وڵاتی سوریا دووپات کردەوە. لەلایەکی دیکەوە (ڕۆژی گەل) زانیویەتی کە لەمانگی نیسانی داهاتوودا کۆنفرانسێکی هاوشێوەی ئەوەی واشنگتۆن لەوڵاتی سوید بە بەشداری زۆرینەی هێزە سیاسیەکانی ڕۆژئاوای کوردستانو کەسایەتیە بیلایەنەکان بەڕیوە دەچێت. هەروەها نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان بەنیازن لەچەند ڕۆژی داهاتوودا لەوڵاتێکی ئەورووپادا دیدارێکی هاوبەش لەگەڵ عەبدولحەلیم خەدامی دابڕاو لەدەسەڵاتی سوریاو هێزە ئیسلامیەکانی سوریا پێکبهێنن. چاودێران ڕێککەوتنی نێوان هێزە سیاسیەکانی ڕۆژئاوای کوردستانو باڵی خەدامو ئیسلامیەکانی سوریا لەم کاتەدا بەدوور دەزانین، چونکە تاوەکو ئێستاش ئەوان نکۆڵی لەناسنامەی نەتەوەیی کوردو لکاندنی پارچەیەکی کوردستان بەسوریا دەکەن. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەگومانەوە لەو هێزە عەرەبیانەی سوریا دەڕوانێ. چاودێران لەو باوەڕەدان کە حکومەتی ئەمریکا ئامادەکاری بۆ ڕووخاندنی دیمەشق ناکاتو دەیەوێ لەڕێگەی گوشارەکانیەوە بەشار ئەلئەسەد ناچار بکات کە لەنێوەخۆدا چاکسازی بکاتو لەحکومەتی تارانیش دوور بکەوێتەوە.

# تورکیا بەرنامەڕێژی بۆ داهاتووی ئێران دەکات

هەواڵکان: دەزگای سیخوڕی دەوڵەتی تورکیا بەمەبەستی دنەدانی ئازەریو تورکمانەکانی ئێران بەرنامەیەکی چڕوپڕی دارشتووە. وێڕای ئەوەی بەئاشکرا هاوکاری هێزە سیاسیە ئازەریو تورکمانەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات، ئێستا لەهەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا بڕیاری داوە مووچە بۆ ئەو خوێندکارە ئازەریو تورکمانانەی ئێران کە لەوڵاتی تورکیادا دەخوێنن ببڕێتەوە، بەمەرجێ ئەوان لەپێناو وروژاندنی هەستی نەتەوەییو لاگیریکردن لەتورکیا کار بکەن. بەگوێرەی زانیاریەکان دەزگای میت بەردەوام کۆبوونەوە بەو خوێندکارانە دەکاتو داوایان لێدەکات ڕاشکاوانە دژایەتی هەستی نەتەوەیی کورد بکەنو بەسووکی لێیانبڕوانن. میت داوا دەکات کە نابێ ئەزموونی عێراق دووبارە بێتەوەو کورد لەلێدانی ئێران سوودمەند بێ، بەڵکو دەبێ هەر لەئێستاوە بۆ زیندووکردنەوەی هەستی خۆ بەتورکزانین هەنگاوی کردەیی هەڵبگیرێتەوەو ئامادەکاری بۆ داهاتوو بکرێ. دەزگای میت لەکۆبوونەوەکاندا ئاماژە بە کێشەکانی نێوەخۆی کۆماری ئیسلامی ئێرانو ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێرانو هەڵوەشانەوەی دەکاتو لێیاندەخوازێ لەکاتی ڕوودانی ئەو هێرشە دەبێ ئازەریو تورکمانەکان خۆیان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی تاران ئامادە کردبێ، ئەگەر هێزەکانی ئازەریو تورکمانەکان نەیانتوانی تاران کۆنترۆڵ بکەنو فەرمانڕەوایەتی ئێران مسۆگەر بکەن، دەبێ لەئوستانەکانی ئازەربایەجانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتو خۆراسانو قەزوینو هەمەدانو ناوچە ئازەری نشینەکانی دیکە دەوڵەتێکی تورکمانی پێکبهێنرێ، لەو کاتەدا دەوڵەتی تورکیا پشتیوانی لێدەکاتو نفوزی خۆی لەگەڵ ئەمریکاو ئەورووپا دەکار دەهێنێو وادەکات کە ئەوانیش دان بەو دەوڵەتە دابنێن.

ئێران:

# 5 باندی کچ ڕفاندن دەستگیرکراون

هەواڵەکان: لەماوەی کەمتر لەساڵێکدا پێنج باندی کچ ڕفاندن بۆ ولاتانی کەنداو دەستگیر کراون. بەپێی وتەی ئەفسەرانی پۆلیسی فرگەی میهرئابادی تاران لەو ماوەیەدا توانراوە 73 کەس لەئەندامانی ئەو باندانە دەستگیر بکرێن، پەروەندەیان بۆ بکرێتەوەو ڕەوانەی بەردەم دادوەر بکرێن. ئەوەی شیاوی باسە ساڵی ڕابردوو ئاشکراکردنی فرۆشتنی کچو ژنانی ئێران لەمیرنشینەکانی عەرەبی هەراو هۆریایەکی زۆری نایەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو هەواڵانەی بەدرۆ لەقەڵەم داو سەرچاوەی هەواڵەکانیش سزادران. دەستەڵاتدارانی تاران ئەو هەواڵانەیان بۆ دژایەتیکردنی خۆیان گێڕایەوەو بەپلانی دەرەکیان ناوبرد، بەڵام ئەمساڵ هێزەکانی پۆلیسی ئێران بۆخۆیان دانیان بەو ڕاستیەنا کە لەماوەی کەمتر لەیەك ساڵدا زیاتر لە73 کەس لەئەندامانی باندەکانی قاچاغچێتی کردن بەکچو ژنانی ئێرانی دەستگیرکراون، کاری ئەو باندانە ئەوەبووە کە کچو ژنان فریو بدەنو بۆ وڵاتانی کەنداو بیانگوازنەوەو لەوێش وەك کۆیلە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەنو ...

# تەرمی کۆچبەران دەدۆزرێتەوە

ڕۆیتەرز: ناوەڕاستی ئەم مانگە لەنێو کەشتیەکی ئیسپانی لەباشووری دوڕگەی کەناریدا 17 کۆچبەری بێگیان دۆزرانەوە. ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو وتەبێژی دەوڵەتی ئیسپانیا ئەم هەواڵەی سەرراست کردەوەو ڕایگەیاند کە کرێکارانی کەشتیەکە لەکاتی پاککردنەوەدا، سەرەتا تەرمی 5 کەسی نەناسراویان دۆزیەوە، دوای گەڕانو پشکنینی زۆرتر 12 تەرمی دیکەش دۆزرانەوە. هەرچەندە تا ئێستا ناسنامەی تەرمەکان دیارنیە، بەڵام سەرچاوەکانی پۆلیسی ئیسپانیا دووپات لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوانە کۆچبەری نایاساییو خەڵکی چەند وڵاتێکی جۆراوجۆرن، بەڵام مەزەندە دەکرێ ئەو کەشتیە لەمۆریتانیاوە بەرەو ئیسپانیا چووبێ، لەوانەیە هەموو قوربانیەکان بەمەبەستی گەیشتن بە وڵاتانی ئەورووپاو وەرگرتنی مافی مانەوە سەری خۆیان هەڵگرتبێو دووچاری ئەم کارەساتە هاتبن. ئەوەی شیاوی باسە ماوەیەك لەمەوبەر بەلەمێك کە کۆچبەرانی نایاسایی هەڵگرتبوو، لەناو ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا سەرگەردان بوو، لەناو ئاوەکانی مۆریتانیادا ژێر ئاو کەوتو زیاتر لە 50 کۆچبەر کە هەر هەموویان خەڵکی وڵاتانی ئەفریقا بوون، گیانیان لەدەستداو تیاچوون.

# دیاردەیەکی دەگمەن



سەرچاوەیەکی پزیشکی لەوڵاتی ڤێتنام ڕایگەیاند، کە لاوێکی تەمەن 14 ساڵانی هەرێمی های دیونگی باکووری ئەم وڵاتەدا لەجیاتی 2 گورچیلە، 4 گورچیلەی لەلای ڕاستو دانەیەکیشی لەلای چەپدا هەیە. بەمەش دەبێە دیاردەیەکی کەموێنە، چونکە تا ئێستا ڕووی نەداوە کە مرۆڤێك 5 گورچیلەی هەبووبێ. بەگوێرەی سەرچاوەکە لاوەکە هیچ گرفتێکی نیەو پێویست بەوە ناکات کە نەشتەرگەری بۆ بکرێو گورچیلەکانی ...

مانگی ئازار لەدیرۆکی نەتەوەی کورددا جێگەیەکی بەرفراوانی هەیە. ئەم مانگە بۆنەکانی وەك ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشووری کوردستان، ڕۆژی جیهانی ئافرەتان، ساڵیادی سەرهەڵدانی قامیشلۆ، لەدایکبوونو ماڵئاواییکردنی مستەفا بارزانی نەمر، بەیاننامەی 11ی ئازار، کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەی شەهید، جەژنی نەورۆز، لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەمەدو هاوڕێکانیو دەیان بۆنەو ساڵیادی خۆشیو ناخۆش لەخۆیەوە گرتووە. ئەمساڵ لەم مانگەدا وێڕای ئەوەی یادی زۆربەی ئەو بۆنانە کراونەتەوە یان خۆیان بۆ ئامادەکراوە، بەڵام لایەنی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە لەم مانگەدا زۆرترین کۆڕو کۆبوونەوەی کوردانو گفتوگۆکردن لەسەر پرسو دۆزی کوردستان بەڕێوەچووە. ڕۆژی 2006/3/11 لەزانکۆی بەلگین لەشاری ئستەنبۆلی پێتەختی تورکیادا لەژێر دروشمی (پرسی تورکیاو کورد، گەڕان بەدوای چارەسەرێکی سڤیلو دیموکراسیانە) کۆنفرانسێك بەڕێوەچوو. هەروەها ڕۆژی 2006/3/12 لەواشنگتۆنی پێتەختو لەباڵاخانەی کۆنگرێسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کۆنفرانسێك بۆ پرسی کورد لەسوریا بەڕێوەچوو. هەروەها ڕۆژی 2006/3/11 لەهۆڵی مەولەوی زانکۆی کوردستان سیمنارێك لەلایەن ئەنجومەنی ئیسلامیی ئەو زانکۆیەوە، بۆ لێکدانەوەو تاوتوێکردنی ئەو بابەتو وتارانەی کە لەدوو ژمارەی گۆڤاری "چشم انداز ایران"دا لەسەر کوردستانو بزاڤی گەلی کورد نووسرابوون، بەڕێوەچوو. لەو کۆنفرانسەشدا بەبیانوی ئەو گۆڤارەوە باس لەکێشەی کورد و بزاڤی کوردایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا. لەباشووری کوردستانیش بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتووی هەرێم هەوڵو کۆششەکانی سەرۆكو جێگری سەرۆکی ڕاسپێردراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەچڕی بەڕێوە دەچێت. هەڵبەت ئەو کۆبوونەوەو کۆنفرانسانە مژدەی گەشبوونەوەو وەدیارکەوتنەوەی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستانی داگیرکراو دەبەخشن، ناکرێ بەکەمبایەخەوە لێیان بڕوانرێت. ئەگەر ئەمڕۆ بەووردبینییەوە لەهاوکێشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناڤینو جیهان بڕوانین، دەبینین لەهەموو کاتێکی دیکە زیاتر کێشەی ڕەوای کوردستان پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیووەو لەنێو بەرژەوەندیەکاندا جێگەی خۆی گرتووە. پێشکەوتنو سەرخستنی دۆزی ڕەوای نەتەوەیەکی دابەشو داگیرکراو بە تەنیا هاوسۆزی دەرەکیو گونجاندنی بەرژەوەندیەکان بەرەو پێشکەوتن نابات، دەبێ هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتیش هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور بەلێزانیەوە داخوازیە سیاسیەکانی قۆناغەکە بخوێننەوەو بەرنامەڕێژی بۆ بکەن، یەکێتیو یەکڕیزی هێزە سیاسیەکانو جەماوەری کوردستان لەنێوەخۆدا پتەوو بەهێز بکرێن، کارە دیبلۆماسیەکانو تێکەڵاوی لەگەڵ وڵاتانی دەرەکی بەشێوەیەکی هاوچەرخانە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت. بەر لەهەموو شتێ دەبێ دەستەڵاتدارانی باشوور قەیرانەکانی بێ ئاوی، بێ کارەبایی، نەبوونی سووتەمەنی، بێ متمانەییو هاوێرکاری بنبڕ بکەنو ئومێدی یەکسانیو بەرانبەری بۆ دەروونی تێکڕای مرۆڤەکان بگێڕنەوە. دەبێ دەستەڵات چاو لەهەڵەو کەموکووڕیو گەندەڵیەکانی بەرپرسان نەپۆشێتو ئەو کێشەیە بە دادگەیەکی بێلایەنو دەست پاك بسپێرێتو لێپرسنەوە لەسەرچاوەی سەروەتو سامانی تەواوی ئەو کەسانە بکرێت کە لەماوەی ئەو 15 ساڵەدا بەشێوەیەکی سەیرو لەناکاودا پەیدایان کردووە. حکومەت ئەرکی پاراستنی سەرو گیانی مرۆڤەکانی لەئەستۆیە، وەزیفەیەتی خزمەتگوزاریەکان فەراهەم بکات، ئاسوودەییو بەختەوەریو وەکهەڤی دەستەبەر بکات. خەڵك بۆیە باوەڕو متمانە بەحکومەت دەدات تا بژێوی ڕۆژانەی بۆ مسۆگەر بکاتو ئارامیو ئاسایشی بۆ دەستەبەر بکات. ئێمە هیواخوازین کە بەزووترین کات کابینەی حکومەتی یەکگرتووی کوردستان سوێندی یاسایی بخواتو دەست بەکاربێتو چیتر بەبیانوی جۆراوجۆرەوە خەمساردی لێنەکرێتو وەدوا نەخرێت. کورد یاری کێبەرکێ لەگەڵ کاتی لەبەردەم دایە، ئەگەر ئەمجارەیان ئەو یاریە بەلێزانیو پڕ تاوییەوە کۆتا نەکەینو براوە نەبین، کێشەکەمان بەرەو دواوە دەگەڕێتەوەو لەبەرانبەر مێژوودا بەرپرسیار دەبین




بەدەستکاریەوە لە کاریکاتێرێکی ئەڵمانی وەرگیراوە